Komala Party _ Iranian Kurdistan
Australia Committee

کۆمه له ی شۆرشگێری زه حمه تکێشانی کوردستانی
ئیران کومیته ی ئۆسترالیا

# راپۆرتی رێزگرتن له 26ی رێبه‌ندان رۆژی کۆمه‌ڵه له سیدنی ئوسترالیا

ئێوارێی رۆژی 17 مانگی فێبریۆری 2007 بەرەسمی، هەموو سالێک مەراسمی رۆژی کۆمەڵە بەرێوە چو کە زیاتر لە 600 کەس بەشدار بوون بو رێز گرتن لەو رۆژە پیرۆژە.
سەرەتای بەرنامەکە بەسروودی بانگەوازی کۆمەڵە دەستی پێکرد و پاشان دەقیقەێک بی دەنگی بۆ رێز گەرتن لە یادی کاک حەمە حوسینی کەریمی و هەموو ئەو شەهیدانەی کە لە رێگای رزگاریخۆازی گەلی کورد و ئازادی و سۆسیالیزم گیانیان بەخت کرد و پاشان بە پەخشانیک لە لایەن هاورێیانی بەرێو بەری بەرنامەکە بێ دەنگی شکا.
پاشان پەیامی کۆمیتەی کۆمەڵە لە سیدنی لە لایەن هاۆری جەعفەری مەحمەد ئەمینی بەرپرسی کۆمیتەی سیدنی خۆیندرایەوە. و پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلەش لە لایەن هاۆری سالح فەتحی پێشکەش کرا کە لە بەشێک ە پیامەکەدا بەوردی ئاماژەی بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و نێونەتەوی کردەبوو و هەر وەها ئەرکوو چالاکی کانی داهاتووی کۆمەڵە. لە بەشیک پیامەکەدا دوبارە بەووردی باسی بەرەیەکی کوردستانی کەوەکوو پیداویستیکی مێژویی لە هەل و مەرجی ئێستادا و لە بەرژەوەندی جوولانەوەی رزگاریخۆازی گەلی کوردتاکیدی کردەوە، و هەروەها باس لەوەش کرا کە کۆماری ئیسلامی ئێران تووشی گەورەترین قەیرانی نێونەتەویی و ناۆخۆیی و هەروەها ئالۆزترین وەزعی ئابووری وڵات بووە،
پاشان پیام و بروسکەی پیرۆزبایی لە لایەن رێکخراو حیزبە سیاسی و کۆمەڵە کوردیکان کە بریتی بوون لە:

1 ) پیامی نیونەری حوکومەتی هەریمی کوردستان لە ئوسترالیا
2) یەکیتی نیشتمانی کوردستان
3) پارتی دێمۆکراتی کوردستان
4) حیزبی دێمۆکراتی کوردستان- ئێران
5) حیزبی شیوعی کوردستان
6) کۆمەڵەی کۆمەلگای کورد لە ئوسترالیا
7) کۆمەڵەی کوردی نیوسات وێلز
8) ناوەندی چاک لە ئوسترالیا
9) کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد- ئوسترالیا
10) کۆمەلەی پێشکەوتووخۆزان کورد لە ئوسترالیا
11) مالی کورد لە ئوسترالیا
12) پیامی کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان

بەشی دوهەمی بەرنامەکە کە بریتی بوو لە داگیرساندی 29 مۆم لە لایەن بنەمالەێ شەهیدی کۆمەڵەوە کاک ئیسا و ئەنیسە خانمەوە بۆ رێزگرتن لە 29هەمین سالرۆژی خەباتی ئاشکرای کۆمەڵەو دەرێژە دان بەریباژی گیان بەختکردووانی کۆمەلەو بەلێن تازە کردنەوە لە یادی ئەو ئازیزان بوو کە بە هاوکاری هونەرمەندی شورشگیرو گەورە کورد کاک نەجمەی غولامی بە سروودی پەلکی داری شادی گەشتین کە بی دەنگی کی تەوایی خستە ناو بەشداربووان و بەتەوابوونی سروودەکە گشت بەشداربووان هەستانە سەر پی بۆ رێزۆ ئەحترام لە یادی شەهیدان.

پاشان بەشی هونەری برنامە کە بە شایی و هەڵپەرکی دەستی پی کرد لە لایەن هونەرمەندان کاک لوقمان ئەویشی و کاک نەجمەی غۆلامی وە تا دەرنگانیکی شەو درێژی هەبوو.

**کۆمەڵەی شورشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان کۆمیتەی سیدنی**











